**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

**ژمارەی بڕیار: 24**

**مێژووی بڕیار: 2014/10/15**

# بڕیار

پشت بەستن بە حوکمەکانی بڕگەی (1)ی ماددەی (56) لەیاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (5)ی رۆژی 2014/10/15 ئەم بڕیارەی دا:

**یەکەم**: پەرلەمانی کوردستان پاڵپشتی دەکات لە ئیرادەی گەلی رۆژئاوای کوردستان لە هەر شێوازێکی خۆبەڕێوەبردندا بێت، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە فەرمی مامەڵەی لەگەڵدا بکات.

**دووەم**: پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی توانای دارایی خۆی هاوکاریی پێویست پێشکەش بە رۆژئاوای کوردستان بکات.

**سێیەم**: پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن.

**چوارەم**: کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم بڕیارە بێت.

**پێنجەم**: ئەم بڕیارە لە رۆژی بلاْوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

## هۆیەکانی دەرچوواندنی ئەم بڕیارە

لەپێناو زیاتر پشتیوانی کردنی بەرخودانی گەلی کوردستان لە رۆژئاوا و، هاوکاری کردنی لە بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی و، پاڵپشتی کردنی یەك ریزی نێوان هێز و لایەنە سیاسییەکانی، ئەم بڕیارە دەرچوێندرا.

**یوسف محمد صادق**

**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**